کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-1-2007 18:44 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لە ئاوێنەوە: ئاسایشی گشتی دوو رۆژە رۆژنامەنوس محمەد سیاسی ئەشکەنەیی بەبێ ئاگاداری سەندیکای رۆژنامەنوسان دەستگیرکردووەو تائێستا هیچ رونکردنەوەیەکی ڕەسمی لەسەر هۆکاری دەستگیرکردنەکەی ئاشکرانەکردووە.

سلێمانی، ئاوێنە :سەرچاوەیەك لەئاسایش کەنەیوست ناوی خۆی ئاشکرابکات بەئاوێنەی ڕاگەیاند کەدەستگیرکردنی محەمەد سیاسی ئەشکەنەیی هیچ پەیوەندییەکی بەنوسین‌و کاری رۆژنامەنوسییەوە نییە، بەڵکو لەسەر تۆمەتێکی تر دەستگیرکراوە.

جێگری نەقیبی رۆژنامەنوسانی کوردستان مستەفا ساڵح کەریم بەمیدیاکانی راگەیاند کەبێئاگان لەگرتنی نابراو و هیچ زانیارییەکیان لەسەر دەستگیرکردنی نییە. محمەد سیاسی ئەشکەنەیی پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەو لەدوای ڕاپەرینیشەوە چەندین وتاری لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە.


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.